www.kurdistannet.org
6-2-2007 13:17 بەکاتی ناوەندی ئەورووپا

## شەهیدی پێشمەرگەو شەهیدی جاش: بۆهەموو کوڕانی گەرمیان و هەڵەبجە دەبی ئامادەبین بۆ خۆپیشاندان ... نەبەز گۆران

جەوهەرنامیق دەڵێت "تائێستەش تەحسین شاوەیس شەهیدی پارتیە" خانەوادەکانی ئێمەش شەهیدمان هەنە، بەڵام جاش نەبوون پێشمەرگەی بەدبەدخت بوون، بریا پیاز فرۆش بونایە، لەهەمووشی کارەساتاویتر ئەوەیە باوکەکانمان لە ساڵانی حەفتاکانەوە خۆیان تەنگەتاو کردوە بەقەولی خۆیان کوردایەتی دەکات، هەرڕۆژەی ئێمەیان بۆ ئۆردوگایەك دەبرد گوایە خەریکی ڕزگار کردنی کوردستانن، چوزانن حزبەکان لەگەڵ جاشێکا پێکەوە تەسکیەیان دەکەن، خوا ڕەحمی کرد باوکی زۆربەمان پێوەنەبون ئەگینا دەبوایە ئێستە لەگەڵ کوڕەمستەشارێکا پێکەوە بچوینایە بۆمەعاش!! هەرچەندە من قەت نەدەڕۆیشتم بۆمەعاش چونکە من ئەو حزبەی باوکمم قبوڵ نیە کەهێشتا مستەشارێك و پێشمەرگەیەك تێکەڵ دەکات و وەك و یەك تەماشایان دەکات، دیارە من هیچ هەقم نیە بەباوکم و بەخانەوادەکەمەوە تا پێیان بڵێم بۆچی ئەم هەڵەیەتان کردو تێکەڵی ئەم کوردایەتی و حزبە بوون، ئەوان وەزیفەی خۆیان جێبەجی کردو باوکە داماوەکەشم ژیانی ئێمەی منداڵی بەشوێن ئەو حزبە بی تەسکیەو بی کونیەو بی سیستەمەوە بەخەساردا، چەندین جاریش ووتومە قەت لێی نابورم، بەڵام جوانی من لەوێدایە هەرگیز بەڕێگەکەی باوکمدا ناچمەوەوناشمەوێت وەك ئەو خۆم گێل بکەم.

پڕۆژەکەی وەزارەتی شەهیدان و ئەنفال کراوەکانم خوێندەوە، کاتێك پڕۆژەکەم خوێندەوە حەزمدەکرد لەبری ئەوەی خانەوادەکەم چوار شەهیدی سەنگەری هەبوایە لە شۆڕشی گوڵان و ئەیلول دا یەك شەهیدی تیرۆری هەبوایە، پێم وایە بەپێی لۆژیکی ئەو پرۆژەیە یەك شەهیدی تیرۆر هێندەی سەد شەهیدی شاخەکان سەنگی هەیە، ئەزانن بۆ؟ دوایی باخوێنەر خۆی بگەڕێت بەشوێن ئەو وەڵامەداو خۆی وەڵام بداتەوە چونکە من باش دەزانم بۆ.

لەو پرۆژەیەدا چ باوکت جاش بوبێت یان پێشمەرگە وەکو یەك تەماشای دەکرێت، حەزدەکەی دەستت لەکوشتنی (10) پێشمەرگەی سەرەتایی یەکێتی و (20) پێشمەرگەی ئەیلول و گەڵاندا هەبێت، مادام لەشەڕی ناوخۆدا کەپکێکت لەدەستی حزبێك سەندوەتەوە خزمەتی جاشایەتیەکەت بۆدەکری بەپێشمەرگەی سەنگەر، وەڵا ئافەرین وەزارەت، ئەوەندە حزبیانە بیربکەیتەوە بۆئەوەی حزبەکەت تورەنەبێت ((تەحسین شاوەیس و مامەڕیشەو مەحمودی ئێزیدی) وەیەك تەماشابکەیت و ئەوەندە نامەنتیقیانە پرۆژە بنووسیت بیرت لەوەنەکردبێتەوە دەبێت خەڵکی خیانەت باز تێکەڵی ئەو شەهیدە پاکانە نەکرێت.

جامادام لەکۆتایدا هەموو شتەکان وەك و یەکن و جیاوازیەك نیە لەنێوان خیانەت بازێك و کەسێکی خەباتکەردا بالەئێستەوە ئەم نەوەیەش دەست بکەین بەخیانەت خۆدوایی هەروەزیرێك دێت خیانەتەکەمان بۆبکاتە خەبات.

لەبەشی یەکەمی پێناسەکاندا مادەی (6) لقی (با) باسی جینۆساید دەکات، لەم لقەدا تەنها قسەلەسەر جینۆسایدی فەیلی و بارزانیەکان کراوە، باشە بۆ؟ ئێمە هیچ لاریمان نیە لەئەنفالکردنی بارزانی و فەیلیەکان، وەئەوانە دووبرینن هەمیشە لەسەر جەستەمان سەوز دەبنەوە، ئەی کوا گەرمیان؟ ئەو وەزارەتە چۆن دڵی هات باسی گەرمیان نەکات؟ خودایا ئەمە کارەساتە توشمان بوە، ئەوە چ بیرکردنەوەیەکی شەرمەزارانەیە دەیەوێت گەرمیان لەبیری ئێمە بباتەوە، ئەوە چ یاسایەکی تاعونیە گەرمیان لەسەر دڵی ئێمە دەسڕێتەوە؟ ئەوانەی ئەو یاسایەیان پێشنیار کردوە لەسەر وونکردنی ناوی گەرمیان هەقە دادگای بکرێت، شەرت بێت گەر پەرلەمان ئەو یاسایە بەبی ناوی ئەنفالی گەرمیان قبوڵ بکات دەبی لەبەردەم ئەو پەرلەماندا مان بگرین تادەمرین، باخوێنەرانیش بزانن بەبی ناوی گەرمیان پەرلەمان ئەو یاسایە تێپەڕێنێت دەبی زەنگی مەرگی ئێمەش لێبدات.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکەیەتی کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

كواهەڵەبجە؟ خواش پێنج هەزار شەهیدی هەڵەبجە لەبیرناكات، بەچ ڕویەكەوە وەزارەتی شەهیدان هەڵەبجەی لەبیركرد؟ بۆلەو یاسایەدا باسی هەڵەبجە نەكراوە؟ ئایا هەڵەبجە بەسوتفەشەهید بوو؟ سەرۆك جاشێك شەهیدە بەلاَم پێنج هەزار شەهیدی هەڵەبجە لە پرۆژەیاسایەكدا كە ڕەنگ زەرترین پرۆژەیاسایە لەم سەرزەمینەدا باسی نەكراوە، چەند عەیبە یاسای شەهید دانێیت و هەڵەبجەو ناوی ئەو شارە وێرانەی تێدانیە، بائەندامانی پەڕلەمان باش حاڵی بن، ئەمە نەهەڕەشەیەو نە تورەبونیش، باشترێكە نەهێڵن ئەو هەلاَنە بەسەریاندا تێپەڕێت، ئەگینا دڵنیام گەنجانی هەڵەبجەو گەرمیان ئەو سوكایەتیە قبوڵ ناكەن و حاڵەكەش بەرەو خراپی دەچێت، بەعس نەماوە تاشوناسمان بسڕێتەوە، وەقبوڵیش ناكەین هیچ كەسێكی بچوك بێت شوناسمان بسڕێتەوە، لەئەمڕۆ ئێمە ئامادەین بۆخۆپیشاندان، ئێوەش ئامادەبن بۆ چاكردنی ئەوپڕۆژە یاسا زەلیلە.

ئەو نووسینانەی لە كوردستان نێت دا بلاَودەكرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەكەیەتی كوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.